## عەسرێکی درەنگ.. گۆرانیەك بێ مانا...

چیرۆك/

**هێمن مەحمود / دەربەندیخان**

ویستم ئەمشەو بۆت بنووسم کەچی دڵم پڕ پڕ بوو لەیادی تۆو.. نەمتوانی.. لەکوێ بوویت، بەدواتا گەڕام و نەمدۆزیتەوە، هەموو رۆژێك بەشوێن هەنگاوەکانتا دەهاتم و تۆ دیارنەبوویت و هەنگاوەکانیش کۆتاییان نەدەهات.. دڵم پڕ دەبوو دەموت ئیدی بەشوێنتا نایەم، ماندوو بووم، هێزم نەما، هەناسەم سوار بوو، پیر بووم دەموت و دەموت و هەرگیز جارێك بەڵێنەکەی خۆمم بەدینەهێنا. من ماندوو بووم یان نەخۆش.. تۆ کوشتمت یان هەر لەئەزەلەوە دڵم کوژرابوو. کتێبەکانم دەخوێندەوەو نووسەرێکی عەبەس پێی دەوتم تۆ نەخۆشی، هەموو ئەم خەیالاتانە نەخۆشین، هەموو ئەم قسەکردن و یەکتربینین و بیرکردنەوانە پووچین و چارەسەریشت نییە. کە تۆشم دەبینی هەستم دەکرد ماندووم و دڵم هیچی نییە، کە جاروباریش پێدەکەنیت دەگەیشتم بەو بڕوایەی ئەو نووسەرە خودی خۆی نەخۆشە نەوەك من. تۆ هەموو شتێکی من بوویت، چ نەخۆشی و چ دەرمان، چ پێکەنین چ گریان، تەنانەت چ مردن و چ ژیان.. بەڵام تۆ لەکوێ بوویت...؟ ساڵەهای ساڵ من خۆشم ویستی، لەژێر لێوەوە سەیرم کردیت و بەهەزارەها نامەم بۆ نووسیت، هەزارەها نامەم بۆ نووسیت و رۆژێکیش چیە بێزار نەبووم. لە پەڕەیەکی سپیدا کە زۆرجار وا هەستم دەکرد بەتەنیشتمەوەیت و لیم دەڕوانی بۆم دەنووسیت خۆشم دەوێیت یان نەخۆشی تۆم؟ سەیرم دەکردی و هەروەك هەموو جارێك تۆش بەشەرمەوە چاوت دادەخست و هیچت نەدەوت، دواتر بەشەرمێکەوە کە زیاتر منالانە دەچوو بۆم دەنووسیتەوە هەم خۆشم دەوێیت و هەم نەخۆش.. هیچ رێگایەکی دیکەشم نییە. چەند شەو نەدەنوستم و ئاوازەکانی ئەو گۆرانیبێژە نەیدەهێشت دڵم لەحزەیەك ئارام بگرێ کە وا دیاربوو بەنائومێدییەکی قوڵەوە بۆ من و تۆ گۆرانی دەڵێ. دەمویست دڵی خۆم بەوە خۆشبکەم کە بۆ تەنها جارێك (کە رەنگە هەتا هەتاش بێت) تۆ موڵکی منیت، شەوێکی درێژ سەرم دەخەیتە سەر سنگت و دەڵێی ئارام بەرەوە یان سەرت دەخەمە سەر سنگم و دەڵێم دونیا بێ تۆ چ جەهەنەمێکی کوشندەیە، دەمویست یان خەونم وەها بوو بەیانییەکی زستان لەژێر جێگاکەمەوە سەیرت بکەم و تۆ لەبەردەمی سۆپاکەدا دانیشتبیت و بارانیش لەدەرەوە بێپەروا بباریت. دڵم خۆشبوو کاتێك دەتدۆزمەوە هەر بەتەواوی هی خۆمیت، خۆم و کەسی دیکە نا، من حەسوود بووم، حەسوودی تۆو حەسوودی هەموو شتەکانی تۆ.. سالانێکی درێژ بەدواتا گەڕام و تۆ دیار نەبوویت، ئەم کتێب بۆ ئەو کتێب، ئەم خەیاڵ بۆ ئەو خەیاڵ، ئەو ماڵ بۆ ئەم ماڵ، ئەم گەڕەك بۆ ئەو گەڕەك. کچێك لەنامەیەکدا بۆی دەنووسیم تۆ هەموو دونیای منی، من پێکەنینم دەهات، ئاخر من هەموو دونیای تۆ بووم، هەموو ژیانی تۆ بووم گەر لەئەسلا ژیانێك بوونی هەبووبێت یان بەدرۆوەو بۆ بەسەربردنی ساتێك کە دواتر هەستم بەگوناه دەکرد لەبەرامبەرتا بۆ کچێکم دەنووسی من تەنها بیر لەتۆ دەکەمەوە، درۆم دەکردو چەندێك خۆشم دەویستی لەکاتی درۆکردنەکانیشمدا، من بیرم بەتەنها لەتۆ دەکردەوە، تۆو بۆ ئەبەدو کەسی دیکە نا.. هەموو ئەوانە درۆ بوون، هەموو ئەو ژنانە درۆیەکی گەورە بوون و بەناچاری دەمانکردن، دەیبردمە ماڵەوەو شەربەتێکی بۆ دەهێنام، دەرگای حەوشەکەی بەتوندی پێوەدەدا، عەسرێکی ئێوارەیەکی هاوین بەجلێکی تەنکەوە کە هەموو لەشی تیایدا دەبینرا، لەژوورەکەدا بەرامبەرم دادەنیشت و دەیوت چاوت دا بخە، چاوم دادەخست و تۆم دەبینی بەشەرم و توڕەییەوە لێم دەڕوانی، بەئەسپایی و وەك ئەوەی خەڵکی گەڕەك نەزانێت یان بیەوێ شتێك نەشکێت لێوی دەخستە سەر لێوم و دەیوت هەست بەچی دەکەیت، هەستم بەتۆ دەکرد،

بەناسکیەکەت و بەجوانیەکەت، درۆم دەکرد، درۆی گەورە گەورە، دەموت وا هەستدەکەم لەدارستانێکی چڕدا کە زۆربەی گەڵاکان وەریوون دەستم خستۆتە سەر شانت و تۆش سەرت خستۆتە سەر شانم بەتاق و تەنها پیاسە دەکەین، بەتەنها من و تۆ، کە دەموت تۆ درۆم دەکرد، چونکە تۆم لەگەڵدا بوو کەسی دیکە نا... تۆ لەو ژوورەدا ئامادە بوویت، لەناو دڵما، لەناو دەمارەکانما، شەرمم لێت دەکردو دەمویست سەیری رووخسارت نەکەم، کە توندتریش دەیگوشیم بەخۆیەوە هەستم بەگەرمایەکی کوشندە دەکردو ئارەقەم دەردەدا. هێدی هێدی جلەکانی بەری خۆی دادەکەندو من بێدەنگیەکی سەیر دایدەگرتم، دەیوت چیتە، گۆرانیەکەت بەدڵ نییە با بیگۆڕم، حەز دەکەی چیبکەم بابیکەم، من چیم بوو، چیم دەویست، خۆشم نەمدەزانی، من بێدەنگی تۆ بووم و بیرم لەقسەکانت دەکردەوە!

(گرنگ نییە خۆشەویستیەکەم هەموو جار کۆتاییەکی خۆشی هەبێت..)

(جوانە، گرنگ هەستکردنە بەو خۆشەویستیە لەهەموو کات و زەمانێکدا..)

(بڕوا ناکەم کەسێك هەبێت تاسەر وەها بێت..)

(نا، بەدڵنیاییەوە کەسێك هەیە تۆ لەبیر ناکات..)

(دواتر کە یەکێکی دیکەت ناسی دەگۆڕێیت و بیرت دەچمەوە..)

من تۆم لەبیر بوو، بەردەوام و تاوەکو مردنیش، چەندجار ئەمەشم بۆ دووپات کردوویتەوە، ئەوەتاو لەم ژوورەدا کە بەسەر لاشەیەکی سپیدا کەوتووم و هەناسەم تادێت خێراتر دەبێت و لەلەحزەیەکدا ئیدی وا هەستدەکەم هەموو دونیا هی منە، دڵم پڕ دەبێ، من بیری تۆ دەکەم و هیچ دونیایەك هی من نییە، هیچ دونیایەك بێ خەونی تۆ بۆ من بەرزەخە. هەناسەم تادێت توندتر دەبێت و بۆ ساتێك وا هەستدەکەم خەریکە دەخنکێم، دەستی ئاڵاندۆتە ملم و بەخێرایی بۆ چەندین جار خۆی دەدات بەسەرمداو لەحزەیەك و هەموو شتێك تەواو. بە پەلە خۆم کۆدەکەمەوەو دڵم وەختە بتەقێ، خەمی ئەوەمە تاریك دابێت و بۆ یەکجاری دڵی منیش رەش بێتەوە. پێم دەڵێت چ زوو بەو پەلەیە، دەڵێم ئێوارەیەکی خۆش.. خێرا دەرگاکە دەکەمەوەو هەڵدێم.. دەمەوێت هەر بەیەکجاری هەڵبێم، هەڵهاتن لەخۆم و هەڵهاتن لەهەموو دونیا... پێدەچێت هەڵهاتن لەتۆش کە دواجار بیریشت دەکەم.. من لەسەر کورسیەکەو لەڕاڕەوە قەرەباڵغەکەدا دانیشتبووم تۆ هاتی، نەتدەزانی چۆن هەنگاو دەنێیت و چۆن خۆت لەو سەیرکردنە بێ شەرمانەی من دەرباز بکەیت کە بیرم چوبوو چ ئاگراوییە.. ئیدی دەبوو بوەستیت و راوەستایت..

(لەکوێ بوویت.. من هەموو دنیات بۆ گەڕام...)

(تێناگەم.. دەڵێی چی، کام دونیا)

(دەڵێی فریشتەکان لەئاسمانەوە فڕیانداویتە خوارەوەو لەبەردەمی منا وەك باڵدارێکی بریندار کەوتویت..)

(ببوورە دەکرێ ئەو ڕێگایە بەردەیت و بڕۆم.)

زۆر درەنگ تۆم دۆزییەوە، ئیدی من چ شتێکم نەمابوو، تەنها لاشەیەکی لاوازو بارێکی گران و رووخسارێکی شێواو، تەنها چەند وشەیەکی کەم و رۆحێکی سادە کە هەر تۆ لێیان تێدەگەیشتی و بەکەڵکی هیچ کەسی دیکە نەدەهات.

تۆش دڵێکی بریندارو تەمەنێکی بەباچوو، خەونگەلێکیش کە هیچ کەس نەیدەتوانی خۆشی بوێت، چونکە مانایان نەدەزانی جگە لەمن، شەوەهای شەو بیرم کردوویت و نامەم بۆ نووسیویت، شەوەهای شەو لەبەرخۆمەوە قسەم کردووەو پێم وابوو هەمووی شیعرن بۆ تۆ.. بەڵام دواجار نەنامەیەکەم پێت گەیشت و نەشیعرێکیشم توانی تۆ بهێڵێتەوە لەلام. ساڵانێکی درێژ بوون، ئێستاش کە لەبەر پەنجەرەکەدا هەموو شەوێك دەوەستم و سەیری شەقامە درێژەکەی کۆڵان دەکەم تۆم بیردەکەوێتەوە، بەخۆت و جانتاکەی پشتەوە دڵخۆشانە بۆ مەکتەب دەڕۆیت، هەر لەخۆمەوە ئەو شەقامانەم خۆشدەوێت کە هیچ رۆژێك لەگەڵ تۆدا پیاسەشم تیادا نەکردووە، بەڵام دەتبینم و دڵخۆشی.. رۆژگارگەلێکی درێژ، پێت دەوتم گرنگ نەمردنی ئەو هەستەیە، گرنگ پیرنەبوونی ئەو هەستەیە، منیش دەموت گرنگ بەردەوامیی ئەو هەستەیە، گرنگ پێکەوە گفتوگۆ کردن و گوێ لەڕازی یەکتر گرتنی ئەو دوو هەستەیە کە پێی وایە سەرەڕای بەسەرچوونی تەمەن و تێپەڕینی رۆژگارەکان ئەم پایەکانی نەلەرزێت و نەڕووخێت.. لەهەر کوێ بیت بەشوێنتا دێم، بەهەنگاوەکانتا، بەئازارەکانی دڵتاو بەئازارەکانی دڵما، بەدوای خەونە جوانەکانت و خەونە لەبن نەهاتووەکانمدا... لەگەڵ هەموو ئەوانەی وتم خۆشمدەوێن درۆم کرد، تەنها لەگەڵ تۆدا نەبێت، لەگەڵ خۆم درۆم کردو لەگەڵ تۆ نەمکرد. ئەمشەویش کە بێ پەروا باران دەبارێت و سەرمایەکی کوشندەش خۆی خزاندۆتەوە ژوورەکەشم، ویستم بەدەم سەیرکردنی فیلمێکەوە کە دواجار درۆیەکی جوانیشە بەدرۆوە خەوم لێبکەوێت و بیرت لێنەکەمەوە.. نەمتوانی...

لەکوێ بوویت.. یان.. لەکوێ بووم.. نەمدەزانی.. بەڵام ئەمشەویش ئەوەتا بەشوێنتەوەم، بە شوێن دڵتەوەم کە هەموو جار هەست بەلێدانی دەکەم، هەست بەختوورەکانی و هەست بەنائومێدی و خۆشەویستی و ئازارەکانی.. بەشوێنتەوەم یان بەشوێنمەوەیت.. نەمدەزانی.. بەڵام ئەوەتا هەناسەی گەرمی دڵی تۆیە کە لەزەمەنێکی زۆر دووریشەوە دێت لەسەرمای ئەم ژوورە، ئەم دونیایە، ئەم ژیانە نەفرەتە دەمپارێزێ.